

**" عیشقی تۆ "　　　هۆنراوەی شاڵاو**

**هەمــوو عومرم لە پێناوی**

**دووچاوی کـــاڵی تۆ دانا**

**ئەوەی لە عیشقت بەجێما**

**بۆ مـــن تەنها خــــەمۆڕانا**

**رۆژانێك بوو خۆشەویستی**

**لە نێوا نمان بێسنوور بــــوو**

**ئەوەی لە یەکترمان دەکات**

**لــــەلای ئێمە گەلێك دوور بوو**

**پێم بڵێ گوڵم کێ تۆی گۆڕی**

**کێی تــــرگوڵی بۆ هێناوی**

**وا لە گەڵ من سەر بە جەنگی**

**دەست و پە نجە بە خــــوێناوی**

**بۆچی دیارە تۆ نــــــازانی**

**چـــــارەنووسی عیشق وایە**

**چەندەها کەس سەریان دانا**

**لــــە پێناوی ئەم ڕێگایە**

**دڵی منیش هێندە تەنگە**

**وەك باخی بەر ڕەشە بایە**

**لە گەڵ مەرگی هەر گوڵێکا**

**دڵی منیش لە گەڵـــدایە**

..............................................

www.shallaw.info.se